پێم خۆش نییە کە بە قەد شاخی ئوحود ئاڵتونم هەبێت وسێ شەو بەسەرمدا تێپەڕ ببێت وهیچ دینارێکی لە لام مابێت، مەگەر ئەوەندە نەبێت کە قەرزەکانی پێ بدەمەوە، ئەوە نەبێت؛ ئەوا دەیبەخشمە بەندەکانی خوای گەورە بە ئەملا وبە ئەولادا

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە گەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێم دەکرد لە ناوچەیەکی شاری مەدینە، بۆیە ڕووماڵ لە ئوحود کرد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی ئەبو زەر»، ووتم: خزمەتکار فەرمانت بم ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: «پێم خۆش نییە کە بە قەد شاخی ئوحود ئاڵتونم هەبێت وسێ شەو بەسەرمدا تێپەڕ ببێت وهیچ دینارێکی لە لام مابێت، مەگەر ئەوەندە نەبێت کە قەرزەکانی پێ بدەمەوە، ئەوە نەبێت؛ ئەوا دەیبەخشمە بەندەکانی خوای گەورە بە ئەملا وبە ئەولادا»، بەڵای ڕاست وچەپی وپشتیەوە، وپاشان ڕێی کرد وفەرمووی: «ئەوانەی پارە زۆر کۆ دەکەنەوە لە دونیادا؛ بە کردەوەی چاکی کەم دێن لە قیامەتدا مەگەر کەسێک نەبێت کە پارەکەی بە ئەملا وئەولادا ببەخشێت» بەڵای ڕاست وچەپی وپشتیەوە «وئەوانەیش کەمن». پاشان پێی ووتم: «لە شوێنی خۆت بوەستە، هەتاوەکو دێمەوە بۆ لات» پاشان ڕۆیشت لە تاریکایی شەودا هەتا دوور بووەوە، ودەنگێکی بەرزم بیست، وترسام کە کەسێک شتێکی خراپی بەرامبەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کردبێت، بۆیە وبستم بچم بۆ لای، بۆیە ئەم قسەیە بیرکەوتەوە کە فەرمووی: «لە شوێنی خۆت بوەستە، هەتاوەکو دێمەوە بۆ لات» بۆیە لە شوێنی خۆم نەجوڵام هەتا هات بۆ لام، ووتم: دەنگێکم بیست لێی ترسام، وباسم بۆی کرد، فەرمووی: «ئایا بیستت؟» ووتم: بەڵێ، فەرمووی: «ئەوە جبریل -علیه السلام- بوو هات بۆ لام وفەرمووی: ئەوەی لە ئومەتەکەت بمرێت وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدا بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە»، ووتم:«ئەگەر زینا ودزیشی کردبێت؟»، فەرمووی: «(«ئەگەر زینا ودزیشی کردبێت (واتە: بەڵێ، ئەگەر زینا ودزیشی کردبێت.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: ئەبو زەر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە لە گەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێی دەکرد لە ناوچەیەکی شاری مەدینە، وشاخی ئوحود هاتە پێشیان وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: پێم خۆش نیە، وئاسوودە نابم، کە بە ئەندازەی شاخی ئوحود ئاڵتونم هەبێت وسێ ڕۆژم تێپەڕ بێت وهیچی لام مابێت، تەنانەت یەک دیناریش، مەگەر ئەوەندە نەبێت بۆ دانەوەی قەرزەکان، ئەگەر بە ئەندازەی شاخی ئوحود ئاڵتونم هەبوایە ئەوا لە پێناو خوای گەورە دەمبەخشی، وهیچیم لای خۆم نەدەهێشتەوە مەگەر ئەوەندە نەبێت بۆ جێبەجێکردنی مافەکان، ودانەوەی قەرزەکان، وئەوەی زیاد بێت لەمانە ئەوا پێم خۆش نیە کە سێ ڕۆژ تێپەڕ بێت وهیچی لام مابێتەوە. وئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زاهیدترین مرۆڤ بووە لە دونیادا؛ چونکە نایەوێت هیچ پارەیەک کۆ بکاتەوە مەگەر ئەوەندە نەبێت کە قەرزەکانی پێ دەداتەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد وقەڵغانەکەی وەکو قەرز لای جولەکەیەک بوو بەرامبەر هەندێک جۆ بۆ دروستکردنی خواردن بۆ خێزانەکەی. ئەگەر دونیا خۆشەویست بوایە لای خوای گەورە ئەوا هەندێک شتی قەدەغە نەدەکرد لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، دونیا نەفرەتلێکراوە وئەوەی تێیدایە نەفرەتلێکراوە مەگەر ئەو شتانە نەبێت کە پەیوەندیان بە یادی خوای گەورە هەیە یان کەسێک زانا وفێرکار بێت یان قوتابی بێت وبیەوێت فێر بێت، وئەو شتانەش کە یارمەتیدەرن بۆ پەرستنی خوای گەورە. (ئەوانەی پارە زۆر کۆ دەکەنەوە لە دونیادا؛ بە کردەوەی چاکی کەم دێن لە قیامەت)، واتا: ئەوانەی پارە ومووڵکی دونیا زۆر کۆدەکەنەوە ئەوا کردەوەی چاکی کەمیان هەیە لە ڕۆژی قیامەتدا؛ وئەمیش بۆ زۆرینەیە لە خەڵکی لە دونیادا کە دەوڵەمەند بێت تووشی خۆبەگەورەزانین وپشتکردن دەبێت لە پەرستنی خودا؛ چونکە دونیا هەڵیدەخەڵەتێنێت، بۆیە ئەمەش وا دەکات کە زۆر کۆ بکاتەوە لە دونیا وکەم کردەوە بکات بۆ قیامەت. (مەگەر کەسێک نەبێت کە پارەکەی بە ئەملا وئەولادا ببەخشێت)، واتا: مەگەر کەسێک نەبێت کە پارە

ومولّکەکەی لە پێناو خوای گەورە ببەخشێت، وپاشان فەرمووی: (وئەوانەیش کەمن)، واتا ئەوانەی لە پێناو خوای گەورە دەبەخشن کەمن. پاشان فەرمووی: (ئەوەی لە ئومەتەکەت بمرێت وهاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدا بێت ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە)، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە زینا کردن ودزی کردن کارێکی ئاسان وکەمە، بەڵکو تاوانی گەورە وقورسن، بۆیە ئەبو زەر ئەم قسەی بە مەزن دانا، و ووتی: ئەگەر زینا بکات ودزیش بکات؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەگەر زینا ودزیشی کردبێت (واتە: بەڵێ، ئەگەر زینا ودزیشی کردبێت)). ئەوەی بە ئیمانداری بمرێت وتاوانی گەورەی ئەنجامدا بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ}[النساء: 86]، واتە: {بەڕاستی خودا لە کەسێک خۆش نابێت ئەگەر لەسەر هاوبەشدانان بۆ خوای گەورە (بە موشریکی) مردبێت، بێجگە لەوە خۆش دەبێت لە هەر گوناهێکی تر بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت}، لەوەیە خوای گەورە لێی خۆش بێت وسزای نەدات ولەوەیە سزای بدات، بەڵام لە پاش سزاکە دەچێتە بەهەشتەوە؛ چونکە هەرکەسێک بمرێت وبە کافری وبە موشریکی نەمردبێت؛ ئەوا سەرەنجامی هەر بۆ بەهەشتە، بەڵام ئەوەی بە کافری یان بە موشریکی مردبێت ئەوا ئەم کەسە بۆ هەتاهەتایی لە دۆزەخ دەمێنێتەوە وکردەوەکانی پوچەڵ دەبێتەوە، چونکە منافیقەکان بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- یان دەووت: { نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ}[المنافقين: 1]، واتە: {شاهێدی دەدەین کە بەڕاستی تۆ پێغەمبەری خودایت}، ویادی خودایان دەکرد بەڵام بە کەمی، ونوێژیان دەکرد بەڵام بە تەمەڵیەوە: {وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ}[النساء: 142]، واتە: {هەر کاتێکیش هەستن بۆ نوێژ بە تەمەڵی وسستی هەڵدەستن}، لە گەڵ ئەمەشدا ئەوان لە بەشی خوارەوەی دۆزەخن. بۆیە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە بۆ زوهد لە دونیادا، ونابێت مرۆڤ پەیوەست بێت بە دونیا وخۆشیەکانی، وپێویستە دونیا لە ناو دەستی دا بێت نەک لە ناو دڵی، بۆ ئەوەی بە دڵەوە بگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری، وئەمیش ئەوپەڕی زوهدە، وئەمیش واتای ئەوە نیە کە بە تەواوی واز لە دونیا بهێنێت بەڵکو ئەوەی حەڵاڵە ئەنجامی بدە، وبەشی خۆت لە بیر مەکە، وزیادەڕەوی وئیسراف مەکە ودونیا با لە ناو دەستت بێت نەک دڵت، ئەمە گرنگترین شتە. [بە کافری: واتە: لە سەر وتنی یان کردنی کوفرێکی گەورە مردبێت وتەوبەی لێ نەکردبێت پێش مردنی، وبە موشریکی: مەبەست ئەوەیە لە سەر وتنی یان کردنی شیرکێکی گەورە مردبێت وتەوبەی لێ نەکردبێت پێش مردنی].

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3916